# ڕاگەیاندراوی دامەزراندنی ڕێکخراوی ژنانی سەربەستیی کوردستان.

کوردستانیانی خۆشەویست، ژنانی نیشتمان  پەروەر.

لە ڕێگەی ئەم بانگەوازەوە ئاگادارتان دەکەینەوە کە ئێمە وەک( رێکخراوی ژنانی سەربەستیی کوردستان)
ئەمرۆ ٨ ی مارشی ٢٧٠٩ ی کوردی،  کە بە ساڵڕۆژی نێۆنەتەوەیی ژنانی جیهانە ناسراوە،
دەستبەکاربووونی خۆمان لەم ڕۆژە گرنگە رادەگەیەنین.
ئامانجی سەرەکی دامە زراندنی ئەم ڕێکخراوە بە شێوەیەکی سەردەمیانە لە بواری خەبات بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و مافی ژنانی کوردستان، و هەروەها بۆ ڕێکخستنی ژنان و هاندانیان بۆ خەبات لە پێناو کوردستانێکی سەربەخۆ و بەختەوەردایە.
لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەمانەوە داوا لە گشت ئێوەی ژنان و پیاوانی خەمخۆری وڵاتەداگیرکراوەکەمان دەکەین کە هاوکاریمان بکەن، تا بتوانین بەهەموو لایەک پێکەوە بە بۆچونە جیاوازەکانمان بابەتەکەمان تێر وتەسەلتر ویە کگرتوو بکەین بۆ سەبەخۆیی ودابینکردنی مافەکانی ژنانی کوردستان.
ڕۆژی ٨ مارش لە خۆمان و گشت ژنانی جیهان وکوردستان پیرۆز دەکەین.
دۆستان ولاینگران و کوردستانیانی خۆشەویست ئاگادار دەکەینەوە، کە لە داهاتوودا ڕەشنووسی بەرنامەو پرۆگرامی ڕێکخراوەکەمان دەخەینە بەردەستی گشت کوردستانیانی بەڕیز و لە بیربۆچوونەکانی ئێوەی بەریز  کەڵک وەردەگرین.

هەر شادو سەرکەوتووبن. بۆ پێشەوە بەرەو کوردستانێکی سەربەخۆ و دیمۆکرات و بەختەوەر و یەکسانی نێۆ تاکەکانی کۆمەڵگاکەمان.

ڕێکخراوی ژنانی سەربەستیی کوردستان.

rjskurdistan@gmail.com ، rjskurdistan@yahoo.com
http://rjskurdistan.kurdblogger.com